بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبـان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکـایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بڕیاری ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی گەشت وگوزاری هەرێمی کوردستان ـ عێراق

به پێی ئەو دەسەڵاتەی له بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٤)ی رۆژی (٢٧/١٢/٢٠٠٦) ی خۆیدا کردویەتی بریارماندا به دەرکردنی:

# یاسای ژمارە( ٢٠ )ی ساڵی / ٢٠٠٦
# یاسای وەزارەتی گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:**

**یەکەم: هەرێم** : هەرێمی کوردستان– عێراق .

**دووەم:وەزارەت** : وەزارەتی گەشت وگوزاری هەرێم.

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری گەشت و گوزاری هەرێم.

**چوارەم: بریکاری وەزارەت** : بریکاری وەزارەتی گەشت وگوزار.

**پێنجەم: ئەنجومەن**: ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی وەزارەتی گەشت وگوزار.

**شەشەم: مەبەستی گەشت و گوزاری**: مەبەست لە حەوانە( الراحە) و بووژانـەوە( الاسـتجمام) و وەرزش و مەلـەوانی و ڕابـواردن و ڕاوکـردن و بینـینی هــەواری مێـژوویی وئاسـەوارو دیمەنی سروشتی و پارك و سەیرانگا و کڕینی پێداویستی شەخسی و چـالاکیی دیکـەی خەمڕەوێن و هەر مەبەستێکی دیکە کە گەشتیاران ڕابکێشێ.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**حەوتەم**: جێگەی گەشت و گوزار: هەر جێگەیەکە، مەبەستی گەشت وگوزاری تێدا بەجێ بێ وەك ئۆتێل و خواردنگە و گازینۆ و شوێنی بووژانەوە (المنتجعات) و خێوەتگاو شوێنی دیکەی بۆ مەبەستی گەشت و گوزار ئامادە کرابێ.

**هەشتەم**: ناوچەی گەشت و گوزار: هەر ناوچەیەك دەگرێتەوە کە بۆ چالاکی گەشت وگوزار لەباربێ و مەبەستی گەشت وگوزاریی بۆ فەراهەم کرابێ یان بۆ گەشت وگوزار لەبار بێت.

## - ئەرك وفرمانەکانی وەزارەت -

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەرکی پلاندانان و بەدواداچوونی بزووتنەوەی گەشت وگوزاری ناوچەکانی هاوینە هەوار لە چوارچێوەی پلانی گشتی گەشت وگوزار لە هەرێم دا جێ بەجێ دەکات و ئەم ڕێگایانەی خوارەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەگرێتەبەر:-

**یەکەم**:بەهاوئاهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا ووزەی گەشت وگوزارو سەرچاوە سروشتیەکان و ناوچە ئاسەواری و مێژوویی و مەزارگەی ئایینی وەبەردێنێ بەجۆرێکی وا کە خزمەتی مەبەستی گەشت وگوزاری بکەن و پەرەیان پێ بدرێ.

**دووەم**: هاندانی بنیات نانی شارو کۆمەڵگای گەشت و گوزاری و جێگای بووژانەوە و ئۆتێل و خانووی گەشت و گوزاری.

**سێیەم**: دروستکردن و بەکرێدان و بەکرێگرتنی خواردنگە و گازینۆ و چایخانە و جێگای ڕابواردن و سەیرانگا و مەلەوانگەی دەستکرد و سروشتی وشوێنی بەفرەخلیسکێ و هی دی.

**چوارەم**: هاوکاری کردن لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان و بەپێی توانا ڕەخساندنی هەموو جۆرە ئاسانکاری یەك بۆیان لە پێناوی خولقاندنی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی گەشت و گوزاری.

**پێنجەم**: ڕەزامەندیی دەربرین لەسەر پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیاو نووسینگەو بریکارەکانی سەفەرو گەشت و گوزاری ناوخۆو هاندانی سەفەری گەشت و گوزاری.

**شەشەم**: پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی پێویستی پارە گۆڕینەوە لەناوچەو دەزگا گەشت و گوزارییەکاندا بەهاوئاهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

**حەوتەم**: ڕێککەوتن لەگەڵ دەستەو کۆمپانیا و تاکەتاکەی خەڵکیشدا لەناوەوەی هەرێم و دەرەوەیدا و ئەمەش وەرگرتنی ڕەزامەندیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێدەوێ.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هەشتەم**: هاوئاهەنگی كردن لەگەڵ وەزارەتەكان و لایەنی پەیوەندیدار لە بوارەكانی گەشت و گوزاری دا.

**نۆیـــەم**: هاوكاری و هاوئاهەنگی كردن لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێم دا بۆ ڕاكێشانی وەبەرهێنەر بۆ ناو هەرێم لە چوارچێوەی پلان و ئەو یاسایانەی بۆ ئەم مەبەستە دەرچووێنراون.

## - پێكهاتەی وەزارەت -

**ماددەی سێیەم:**

**یەكەم**: وەزارەت لەم پێكهاتانەی خوارەوە پێكدێت:ـ

أ- **وەزیر**: سەرۆكی باڵاو بەرپرسی ئیشوكاری ئاراستەكردنی سیاسەتی وەزارەتەكەیە و سەرپەرشتی و چاودێرییان دەكات و هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەكیش كە پەیوەندی بە ئەرك وفرمان وپێكهاتەو دەستەڵات وكاروباری دیكەی هونەری ودارایی و كارگێڕی وڕێكخستنی وەزارەتەكەوە هەبێ، بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچن وخۆی سەرپەرشتیان دەكات و بەرپرسیشە لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا، چونكە خۆی ئەندامێكی هاوكاری ئەنجومەنەكەیەو بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەكانی خۆی بدات بە بریكاری وەزارەتەكەی یان بە بەڕێوەبەرەگشتییەكان یاخود بەهەر فەرمانبەرێكی وەزارەتەكەی كە خۆی بەشیاوی بزانێ.

ب- **بریكاری وەزارەت**: لەچوارچێوەی ئەو دەستەڵاتانەی كە پێی دەسپێردرێ لەئاراستەكردن و سەرپەرشتی كردنی كاروباری وەزارەتەكەدا، یاریدەی وەزیر دەدات و مەرجیشە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێ.

ج- **نووسینگەی وەزیر**: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

د- **نووسینگەی بریكاری وەزارەت**: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

هـ- **ڕاوێژكاران**: ژمارەیان لە چوار ڕاوێژكار زیاتر نابێ، مەرجیشە بڕوانامەی بەرایی زانكۆیان هەبێ و خاوەن ئەزموون و كارامەیی بن.

و- **بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كارگێڕیی و دارایی**: بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێ و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕیی بێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

ز– **بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوارەكان:** بەڕێوەبەرێكی گشتی خاوەن بڕوانامەی بـەرایی زانكۆ سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات، بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی بێ.

**دووەم:** لەهەر پارێزگایەك لە پارێزگاكـانی هـەرێم بەڕێوەبەرایەتییـەكی گـشتی بـۆ گەشـت و گـوزار دادەمەزرێ و بەڕێوەبەرێكی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانكۆ سەرۆكایەتی دەكـات و بەڕێوەی دەبات بەمەرجێك خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێ لەو بوارەدا.

**سێیەم:**

أ– ئەنجومەنی ڕاوێژكاریی وەزارەت پێكدێت لە:–

١– **وەزیر:** سەرۆكە.

٢– **بریكاری وەزارەت:** ئەندامە و لەكاتی ئامادە نەبوونی وەزیـر سـەرۆكایەتی ئەنجومەنەكـە دەكات.

٣ـ **بەڕێوەبەرە گشتییەكان** : ئەندامن.

٤ـ **ڕاوێژكارو شارەزایان:** نابێ ژمارەیان لە سێ كەس زیاتر بێ: ئەندامن. بەمـەرجێك خـاوەن بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بن و شارەزایی و پسپۆڕییان هەبێ.

ب ـ ئەنجومەن لەسەر داواكردنی وەزیر و لە كاتی پێویستدا كۆ دەبێتەوە.

ج ـ ئەنجومەن ڕاسپاردەكانی پێشكەش بە وەزیر دەكات و ئەگـەر پەسـند كـرا شـێوەی بڕیـاری وەزاری وەردەگرێ.

**ماددەی چوارەم:**

**یەكــەم:** بـە پێڕەوێكـی تایبـەتی كاروتایبـەت مەنـدی یـەكانی پێكهاتـەی وەزارەت دەستنیـشان دەكرێ.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە هەریەك لەو بەڕێوەبەرایەتیانە یان بەشەكان یان هۆبەكانی نێو پێكهاتـەی وەزارەت بـەپێی پێویـستی كارەكانیـان دامـەزرێنێ یـان لێكیـان بـدات یـان هـەڵیان وەشێنێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم:** یاسای دەزگای گشتی گەشت و گوزاری هەرێمی كوردستان ژمـارە(٣٩)ی سـاڵی ٢٠٠٤ كـە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عێراق دەرچووە هەڵدەوەشێتەوە.

**دووەم:** هەموو ماف و ئیمتیازێكی دەزگای گشتی گەشت و گوزار لـە هـەردوو ئیدارەی سـلێمانی و هەولێر دەدرێن بە وەزارەتی گەشت و گوزار لە هەرێمدا.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

وەزیر بۆ ی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی کردن لە جێبـەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئـەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونی کاری پـێ دەکـرێ و لـە رۆژنامـەی فـەرمی ( وەقـائیعی کوردسـتان) بلاّودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

هــــەولێر

١٤/بەفرانبار/٢٧٠٦ ی کوردی

٢٠٠٧/٠١/٠٤ ی زایینی

١٤/ذو الحجة / ١٤٢٧ ی کۆچی

**هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ـ عیراق سروشتێکی گەشت و گوزاریی لـە ڕووی هاوینەهـەوار و شوێنی گەشت و گوزار و جێگەی ئاسەوار و مەزارگەی ئـایینی هەیـە و گەشـت و گـوزاریش گرنگیـەکی زۆری هەیە، چونکە سەرچاوەیەکی سەرەکی یە لە سەرچاوەکانی سامانی نیشتمانی و هۆیەکی کارایە بۆ ناساندنی کەلەپوور و شارەستانیەتی گەلی کوردستان بە جیهان و لە پێنـاوی هانـدانی بزوتنـەوەی گەشت و گوزاری و راکێشانی گەشتیاران لە رێگەی شوێنە گەشت و گوزاری یە تـازەو هاوچـەرخەکانی و بۆ دامەزرانـدنی وەزارەتێـك لـە هەرێمدا بـۆ بـەدیهێنانی ئـەرك و ئامانجـەکانی و بـۆ روونکردنـەوەی پێکهاتەو دەستەلأتەکانی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com